کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-5-2007 18:07بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بەیاننامەی ڕاگەیاندنی پێکهێنانی حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کریکاریی

لەم ڕێگایەوە پێکهێنانی حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و دەستپێکردنی هەڵسورانی ئەو حیزبە ڕادەگەیەنین. حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی یەک حیزبی تەواو پێوەری سیاسی مارکسیستی و پابەند بە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە بۆ هەڵپێچانی ڕژێمی سەرمایەداری و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی نوێی پایەدار بە یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، و ئازادی سیاسی مرۆڤەکان و پایەدار بە گەشەی تواناکانی مادی و هووشیاری مرۆڤایەتیە. بەرپاکردنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، کۆمەلگایەک کە بێ چین و هیچ ناکۆکی چینایەتی تێدا نەبێت، کۆمەڵگایەک کە مەرجی گەشەی ئازادانەی هەر تاکێک مەرجی گەشەی هەمووان بێت، کاری هەر ئێستای حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی یەک حیزبی ئینتەرناسیۆنالیستیە و بۆ یەکێتی چینی کرێکاری جیهان تێدەکۆشێت. حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆ چەسپاندنی ئامانجی جیهانی چینی کرێکار خەبات دەکات و پیشتیوانی لە بەرژەوەندی کرێکارانی جیهان بە ئەرکی هەمیشەیی خۆی دەزانێت.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەگەڵ جێکەوتەکانی'سوونەت' کۆمۆنیزمی کۆمەڵایەتی مارکس و مەنسووری حیکمەت هەڵپێکراوە و ئاڵا هەڵگری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییە لە جیهانی سەردەم. حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی پشتیوانی لە مارکسیزم و ئامانجی سۆسیالیزمی کریکاریی بە یەک ئەرکی بنەڕەتی خۆی دەزانێت وە بۆ بەهێزکردن و بەرفراوانکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لە سەرتاسەری جیهاندا تێدەکۆشێت.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بڕوای وایە کە پێشکەوتەکانی ئابووری، زانستی، تەکنەلۆژی مۆدێرنی تا ئێستایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەلومەرج و پێویستیە مادییەکانی بۆ ڕێکخستنی یەک کۆمەلگای ئازادی بێ چین و بێ چەوساندنەوە و ستەم، یەک کۆمەڵگای جیهانی سۆسیالیزم، هەر ئێستا فەراهەم کردوە، وە چینی کرێکار ئەرکیەتی هەرکە دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست، ئەنجامدانی تەواوی بەرنامە کۆمۆنیستیەکانی خۆی دەسپێبکات. لە هەمان کاتدا مادام لە هەرکوێیەک کە ڕژێمی سەرمایەداری هەیە، حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی هەروەها بۆ زۆرترین و قوڵترین چاکسازی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی خەبات دەکات کە ئاستی ژیان، ماف و ئازادییەکانی گشت خەڵک تا بەرزترین ئاستی توانا، باشتربکات.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی یەکێک لە پایەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکارە. بەدوای بەرژەوەندێکی جیاواز لە بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە نییە. هەمیشە لە خەباتی چینایەتیدا ئاڵاهەڵگری یەکێتی بەرژەوەندی هاوبەشی چینی کرێکاری سەرتاسەری جیهانە. یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی حیزبێک نییە کە لە بەرامبەر حیزبەکانی تری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بێت. حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی هەمیشە و لە هەرجێگایەکدا نوێنەری هەموو بەرژەوەندی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و یەکێتی ئەوە لە دەوری هێڵی مارکسیستی مەنسوور حیکمەت.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی حیزبی مرۆڤدۆست، مۆدێرن، چالاک و ڕێکخەرە. هاوبیریی لە دیاریکردنی ئامانجی هاوبەش و هاوڕایی لە خەباتی پراتیکی بۆ ئەنجامدانیان، پایەی پێکهێنەرە لە پەیوەندیە ناوخۆیەکانی حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. بەرفراوانترین ئاڵوگۆڕی بۆچوون و هاوبیری و زۆرترین دەریچە بۆ خستنەڕوی گرح' بیروبۆچوونی جیاوازی هەمووان لە ڕەوتی بڕیاردان لە ئاستی جیاجیادا، لە پاڵ دڵنیاترین دیسیپلین و هاوڕایی و یەکبوونی بە کردەوە لە پێشخستنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیاسەتەکان و بڕیارەکاندا، بنەمایەکی نەگۆڕی پەیوەندیە ناوخۆیەکانی حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی پێک دەهێنێت.

لە ئیران، حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆ گۆڕینی چینی کرێکار بە هێزێکی بەتوانای کۆمەڵایەتی و سیاسی، بو ڕێکخستن و ڕابەری شۆڕشی کرێکاری، و بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی وە بە زوترین کات بەرپاکردنی جمهوری سۆسیالیستی و بەسەرەنجام گەیاندنی هەموو بەرنامەی ((یەک دنیای باشتر)) خەبات دەکات. ڕوخانی تەواو و هەموولایەنەی جمهوری ئیسلامی ئەرکێکی هەرێستای شۆڕشی کرێکارییە لە ئیراندا. کۆمۆنیزمی کرێکاریی تەنها لایەنگەی 'قگب' سیاسی مژدەدەری یەک کۆمەڵگای ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەرانە لە ئیراندا.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، کرێکارانی کۆمۆنیست و خەباتگێرانی ڕێگای سۆسیالیزمی کرێکاریی و ڕێگای ئازادی و ڕزگاری مروڤایەتی، بۆ پەیوەستبوون بە ریزی خۆی بانگەوازدەکات.

حیزبی یەکێتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی
May 21، 2007

ئەندامان و مشاورینی پێشووتری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئیران:

**محمود احمدی، هما ارجمند، جلیل بهروزی، علی جوادی، سیاوش دانشور،**

**نسرین رمضانعلی، پروین کابلی، مریم کوشا، اذر ماجدی، سعید مدانلو.**

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.